بسم الله الرحمن الرحيم

(وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) (العصر ١- ٣))،

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد و على آله وصحبه، السلام عليكم و رحمة الله وبركاته.

وەكو وەعد بوو پێشی سێ یاخود چار لیقاء وەعدی ئەوەماندا كە لیقائی چارەم یاخود پێنجەم بكەینە سوئال و جەواب، لەو ماددانەی لەو بەحسانەی كە هەتا حەفتەی پێشترێ طەرح كرایە لە خزمەتتان، موقەددیمەك موبەسەط سەریع، پاشان ئەوەی سوئالی هەیە پێی بكرێ بە شەفەهی، یاخود لە سەر وەرەقەك بینووسی عەرزی بكا، ئەوەندەی خوا تەوفیقیدابی إن شاءالله لە خزمەتتان روونی دەكەینەوە، لەو ماددانەی كە بەحس كرایە هەتا ئێستا، وە وەكو ئیتیفاقمان بوو قەدیمەن ئەو ماددانەی كەلێرە طەرح دەكرێ لە بۆ جەدەلی فەلسەفی نیە، لەبۆ تێركردنی مێشك نیە ئیغنائی ذهنی، ئیننەما ماددەكە مەوضوعەكە ماددەكی تەعەببودیە صرف، مەخصەدی ئەوەمان بووە خۆمان و موقابیل مەعریفەیەكی حەقیقی تەواو لە باری تەعالا هەمان بی، خوای بە حەقیقەتی خۆی بناسین، بە ناو و كرداره پیرۆزەكانی خۆی كە كو خۆی فەرمووە لە قورئان یاخود لە سەر زاری رەسولی ئەكرەم پێمان گەیشتووە.

فە موحتەمەلە مەوضوعەكە هەتا ئێستا لەگەر طروحاتی واقیعی ئەورۆمان نەوعە ئیختیلافەكی هەبی، خۆی لە قالبی عیلمی عەقائید یاخود عیلمی كەلام نەگرتەوە، هەدەف و غەرەضەكەش هەر ئەوەندە بووە، بە كامیلی طەرح تەعەبود بكرێ و بەس، وەكو زۆر جار تیكرارمان كردیە، لەو مەنطوقەی باری تەعالا یان لەو قاعیدەیەی كەلەبۆی دانراینە بە نسبەت ئەسماء و ئەفعالی كە فەرموویەتی، (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا) (الأعراف١٨٠) لە (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) راناوەستین راش نەوەستاینە، ئیننەما تەواوی دەكەین (فَادْعُوهُ بِهَا)، ئەو حالەتە لەداخیلمان ئیجاد بكەین، ئەوە غەرەضی ئەو دەرسانە بووە، وەكو ئیتیفاقیشمان بوو كە عیبادەتەكە دەكرێ بە مەعریفە دروستكردن بەرامبەر باری تەعالا، ئەو مەعریفەیەش لەبۆ ذاتی شەخص دەمینێ، ئیتیفاقی ئەوەمان بوو ئەو ماددەیە كە لێرە مەطروحە نەكرێتە ماددەی دەرس لە جێی دی، نەگوترێتەوە لە مزگەفتانی دی، ئەمە جارێ خۆمان ئیحتیاجمان بەوەی هەیە ئەووەلەن ئەمن خۆم شەخصەن، كە فیعلەن خوا بە حەقیقەت بناسین، ئەوە فیعلی ئەنبیاء و روسول بووە، زۆر جار تیكرارمان كردیە هەتا ئەو ذاتە لە داخیلی خۆی مەوضوع تەواو ئیشباع نەكرابی تەمرینی لەسەر نەكردبی قەناعەتی تەواوی پێ نەهاتبی ناتانی بەو حەیەویەتەی، بەو موجەسەمیەی حەقی مەوضوع بدا، بە صەراحەتیش دەرێم

ئەو ماددەیە ئیحتیاجی بە موحامی نیە بێ لە مەجالیس دیفاعی لە بۆ بکا، فەدیسان ئەوە تیکراری دەکەمەوە ماددەکە قەضیەك تەعبودیە لە بۆ موقابیل، نەك مەوضوعەك فەلسەفی تەدریسیە بچی لە مزگەفتان تەدریسی بکا.

نوقتەی دووەم: مومارسە کردنی ئەو حالەتە دەبی فیعلەن نیشانەی هەبی لە ئینسان، ئەعراضی هەبی، مەثەلەن ئینسان شیرینی دەخوا شەکر دەخوا هەست بە شیرنیەکەی دەکا لەسەر زمانی، ترشی دەخوا کذلك، نەخۆش دەکەوی نیشانەی هەیە نەخۆشی، ئەو مەوضوعانەی کە لێرە بەحس دەکرێ ئەگەر تەمرینی لە سەر بکرێ ئەعراضی هەیە، ئینسان حەقیقەتەن لەمسی دەکا، ئیحساسی پێ دەکا، وەکو حەقیقەتەك تەعامولی پێ دەکا، ئەوجە ئەو وەختە ئەو ماددەیە تەفعیل دەکرێ لە بۆ واقیع، یاخود وەکو جەدوەل ضەرب وەکو جوملەك مەواضیعی کیمیا و فیزیا بەس لەو مێشکەی دەمینێ، هەتا أسماءالله کما یریده الله تەمرینی لەسەر نەکرێ شەو قیامی لە سەر نەکرێ، جهودی لە سەر صەرف نەکرێ داخیل سەر لە نوێ ئیعادەی بیناء لەسەر مەفهومی ئەسماء و ئەفعالی لە بۆ نەکرێ مەوضوعەکە مەوضوعەکی ذهنی صرفە، مەوضوعەکی مێشکە وەکو شەترەنج و وەکو دامە و وەکو هەندەسە و فیزیا لەوەندە دەرناچی. باشترین دەلیل ئەمە خۆمانین لەسەر ئەو مەوضوعە زۆر جار گوتیتمان یامە (اسماءالله)مان لەبەرە، ئەفعالی خوا دەزانین کیهانمان (الله) ی ناناسی، ئەمما هەموو مەطورحات لە ذهنمانە لە مێشکمانە، تەحویل نەکرایە لە بۆ داخیل بە تەمرین بە مومارەسە کردن بە جهود صەرف کردن، هەتا ئەوحالەش نەبی نیشانەکانی ئەو ئەسماء و ئەفعالە لە داخیلی ئینسانی نەیەتە سەر واقیع، ئیحساسی پێ ناکا، با هەر سەد دیناری من هەبی لەگیرفانی فلان شەخصی، ئەمما ئەمن خۆم برسیم پێم نەکرێ سەد دینارەکەی سەحب کەم خۆمی پێ تێرکەم، قەناعەتتان هەبی ئاوهایە مەوضوع، بەینی مێشك و بەینی قەلب دەبی ئیتیصال هەبی، ئەو ماددەیە ئەو مەوضوعەکە کە طەرح دەکرێ مومارەسەی لەسەر بکرێ بەشەو، چونکی گوتمان هەموو ئەسمائی خوای هەموو ئەفعالی خوای لە واقیع موستەنەداتی هەیە حەقائیقی هەیە. بەحسی (رب) مان کرد بەحسی (وکیل) مان کرد بەحسی (ممهد) کرد، ئەوانە هەموو ئەسماء و ئەفعالن حەقائیقیان هەیە لە وجود، دەبی ئا ئەو ذاتە بێ تەمرین بکا لەسەر ئەو حالەتە، وەکو کابرای ریاضی، ئا ئەوانەی تۆپانی دەکەن ئا ئەوانەی ئاسن هەڵدەگرن، هەموو بەدەنیان وەکی مەیە ئەمەش طاقەمان هەیە لەداخیلی خۆمان وەکی وان، ئەمما لەبەر ئەوەی ئەو تەمرینی کردیە مومارەسەی کردیە، لۆیێ پێی دەکرێ دوو فەردە شەکر سەت کیلۆیی بە دەستان هەگری دووسەت کیلۆ، ئەمما ئەمن و ئەتوو پێمان ناکرێ، ئەمما بهاتبا ئەمن و ئەتوش تەمرینمان کردبا لە سەر نەفسی حالەت نەفسی شتمان پێ دەکرا. نەفسی میثال ولله المثل الأعلى لەسەر ئەسماء و ئەفعالی خوای تەطبیق دەبی، هەتا خواش

بەو نەوعەی نەناسرێ بەو نەوعەی تەعامولی لەگەر نەکرێ عیبادەت هەمووی نەقصە، لە شەعائیر ئەوەی کە تەقدیمی دەکەین ئەمە لەگەر هەزار و چار سەت سال پێش ئێستا یەکە، ئەمما خەلەلمان ئەو نوقتەیەیە، فە لۆیی ماددەکە ماددەك جەدەلی نیە ماددەك فەلسەفی نییە ئیستناداتمان فەقەت قورئانە کلام الله، وە بەتەرتیبی نزولی قورئان چووینە خزمەت قورئان بەو تەرتیبەش ئەو ئەسماء و ئەفعالانەمان وەرگرتیە، لە بەینی خۆمان بەحسمان کردیە لە بۆ ئەوەی بتانین فیعلەن عیبادەتی پێ بکەین، فە ئێستا ئەوەی سوئالی هەبی لەو چەند ماددەیەی کە بەحس کرایە دەکرێ شەفەهی یاخود کەتبی، ئیعلاممان بکا ئەوەی کە خودا تەوفیقیدابی إن شاءالله لە خزمەتتان قسەی لەسەر دەکەین.

ئەو برایە سێ پرسیاری هەیە، یەکەم: ئایە دەبێ ئەو دەرسانە وامان لێ بکات واز لە کاری دەعەوی بهێنین لە ناو جەماعەت؟ سوئالەکی مەعقولە، لە جەواب نەخێر ئەمما بەشەرط، ئەمەی موسڵمان زۆرجار وەدەبی خۆمان نەصب دەکەین، بەبێ ئەوەی موقەویماتمان لە داخیل هەبی خۆمان نەصب دەکەین، لە حالەك لەو حالەتانەی کە فیعلەن موحتەمەلە ئەمە لائیقی نەبین، مەثەلەن نوێژ، بانگ دەدرێ بانگی عەسر، مزگەفت مەوجودە دێینە ناو مزگەفت نازانین ماموستا کێیە، ئەمما مەجبورین تابیعی ببین، موحتەمەلە لەجێی دی لە مزگەفتی دی لە ماموستایەکەش لە مەلایەکەش مورتاح نەبین ئەمما مەجبورین تابیعی بین، ئەو حالەتە لەئیسلام پێی دەگوترێ نەصب، باری تەعالا لە بۆ دینی خۆی شەخصی دانەنایە نەصبی شت بکا.

مەعلومی هەموومانە تازە بەحسی ئەوەمان کرد بە موجمەلی فاقد الشيء لا يعطيه، ئەگەر ئەمن سەد دینارم لە گیرفانی نەبی ناتانم ئەو سەد دینارەی بە قەرد بدەمە یەکیدیکە لێم طەلەب دەکا، هەر شەخصەك شتەکی پێ نەبی ماددەکی پێ نەبی ناتانی ئەو ماددەیە تەقدیم کا لە بۆ غەیر، ئەوجە عیلم بی ثەقافە بی ئیدراك بی ماددی بی مەعنەوی بی، لۆیی هەر شەخصەك بە حەقیقەت دینی پێ نەبی، ئەو وەختی ناتانی ئەو دینە تەقدیم بکا لە بۆ موقابیل، لۆ ئەمە گلەییمان شەبابی صەحوە زۆریان گلەییان لەو کەوادیرانە هەیە کە دینیانی پێ تەقدیم کردیە، زۆرمان لە داخیلی خۆمان دەرێین حاشاکی مەلا چاکەکان ئەمما مەلا تەقصیریان هەبوو حاشاکی شێخی باش ئەمما شێخ تەقصیریان هەبوو، سەید و دەروێش و صۆفی و مەلا تەقصیریان هەبوو، إلا من رحمهم الله، لۆ چونکی موحتەمەلە ئا ئەو ماددەیەی کە تەقدیمیان کردبی لە بۆ موقابیل نسبی بووە، زۆر جاریش ئەو نسبەتە حەقیقەتی تێدا یان مقەولەب بووە یان موحەڕەف بووە، لۆیێ گلەییمان لێیان هەیە.

باشە ئەگەر کابرا فیعلەن ئەو نسبە مەطلوبە برێن وەکو پێغەمبەرەکی بچووك کراوە موصەغەر دینی پێ بایە، کەس دەیتانی نەقدی لێ بگری، کەینێ ئەو دینەی پێ دەبوو فیعلەن بێ بە تەمامی بتاوێتەوە لە ناو دینەکەی ئەوجە ئەو وەختی نموذەجەکی لێ دروست دەبی وەکو مۆم، وەکو طین

الصناعي، بێ ئەصلەن شەخصیەتی خۆی ذاتی خۆی بتاوێنتەوە لە ناو ئیمان، پاشان باری تەعالا لەوی نموذەجەك تازە دروست دەكا، وە بەئیشیشی دێخی لەو مەقام و لەو مەكانەی كە فیعلەن پێی دەوێ باری تەعالا، لۆیە موشكیلەی مە ئەوەیە تازە وەكو بەحسمان كرد پێش قیچەكی زۆریمان ئەمە موحامینە، مەقصەدم چ بوو لە كەلیمەی موحامی، لەوەی فیعلەن لە مەحكەمەی شەخصەك قەضیەكی هەیە موشكیلەكی هەیە خۆشەویستەكی لێ كوژرایە، لە بەرووەی خۆی دیفاعی پێ ناكرێ دەچی موحامی دەگری دیفاع لە قەضیەی بكا، ئەمما موحامی وەكی كابرای جەرگ سوتای نیە، بەرێ لە پێش حاكم قسەی گەورەی دەكا ئەمثیلەی لۆ دەینی قەوانینی لەبەرە، ئەمما كە لە مەحكەمەی دێتە دەرێ لەپێش دەركەی مەحكەمەی كابرای موحامی قەضیەكەی لە مێشك دەردەچی، صاحێب موشكیلە خۆی قەضیەی دێتە ماڵێ پێی دەناڵێنی و جەرگی پێ دەسوتێ، هەتا ئەمە ببینە موحامی لەبۆ دەعوە نە ئەمە ئستیفادە لە دەعوە دەكەین نە دەعوە ئستیفادە لە مە دەكا، لۆیێ زۆریمان موحتەمەلە تووشی ئەو حالەتانە بووبین ئینكاری درۆمان كردبی تەجریمی درۆمان كردبی، موحاكەمەی درۆمان كردبی لە قەفەسی ئیتیهاممان دانابی، ئەمما لە عەینی واقیع درۆشمان كردیە، یان بە قەلب یان بەزمان یان فیعل، موشكیلەی مە ئەوەیە فیعلەن ئەو حەقائیقانەی كە ئەمە ئیدیعای دەكەین نسبەكی زۆر لەكنمان نیە مەفقودە، بەس دینی ئیسلامیش ماعەدای هەموو ئەفكار و ئەدیان، بەس دینی ئیسلام ئەوهایە ئحتیاجی بە موحامی نیە، مەثەلەن دینەك ئەرضیی فیكرەك ئەرضی هەر فیكرەك فەلسەفی كە ئینسان موخاطەبە دەكا ذهنی مێشكی ئینسان موخاطەبە دەكا، كە قسە دەكا حیوار دەكا لەگەر مێشكی ئینسان قسان دەكا، كەینێ مێشكی ئینسانی ئیقناع كرد كأنە ئەو ذاتەی قەناعەت پێ هینایە بوویتە نەفەرەك عونصرەك ذاتەك لە مەجموعەی وی، دینەكانیتكەش ئەوهایە بەس ئیسلام نەبی، ئیسلام هەتا مەفاهیمەكان نەچتە ناو داخیلی ئینسانەكەی، ئینسانەكە موممارەسەی لەگەر نەكردبی تەمرینی لەسەر نەكردبی نە ببیتە جوزئەك لە كیانی، ناتانی ئا ئەو جوزئە تەقدیم كا لە بۆ موقابیل، لۆیێ لە هەموو قورئان باری تەعالا نافەرمی دەعوە لەبۆ ئیسلام بكە، لە هەموو قورئان دەفەرمی دەعوەت لەبۆ خوای بكە هەموو قورئان، (أَدْعُو إِلَى اللَّهِ) (یوسف١٠٨) نەی فەرمووە أدعوا إلى الإسلام، هەتا ئەو (الله) ە جل جلاله بە هەموو ئەسماء و ئەفعالی بە هەموو حەقائیقی لە داخیلی ئینسانەكەی تەعەبود پێ نەكرێ ناتانی ئەو ذاتە ئەو مەفاهیمانە نەقلكا لەبۆ ذهنی موقابیل، فەلۆیێ ئەوە نوقتەكە لە مەوضوع لۆش ئەوهایە لەدروسەكانی سابیق لە ئەسماء و ئەفعال و چۆنیەتی دروست كردنی ئیمان بەحسی ئەوەمان كردیە باری تەعالا فیطرەی دایتە هەموو مەخلوقاتی، حەتتا حەیوان نەبات، ئەو ذەواتانەش فیطرەیان هەیە بە واسطەی ئەو فیطرەیەی

مەخلوقات چاك و خراپ لێك فەصل دەكا، بەواسطەی فیطرەی صەحیح و خەطەء لێك جودا دەكا، بە مەفهومی دینی حەلال و حەرام لێك جودا دەكا.

باری تەعالا جیهازەكی ئەوهای دایتە حەتتا كافریش، كە ذاتی موقابیل قسان بكا بزانی معیاریەتی صدقی ئەو كابرایەی چەندە كافریش ئەوەی ئیحساس دەكا، كابرای كافر جیهازی پێیە خودا خەلقی كردیە لە داخیلی، كابرای موسڵمان كە قسان دەكا كابرای كافر دەزانی ئەو موسلمانە لەگەر خوای خۆی لەگەر خۆی صادیقە یان نا، زۆر جار دەتانی تەشخیص بكا نسبەی صدقیشی چەندە، ئەگەر هاتوو نسبەی صدقەكەی كەم بوو كابرای داعی موخاطەبەی ذهنی كابرای دەكا، دینیش لە بۆ ئەو ذهنەی نیە دین لەبۆ داخیلە تەغیر لە بۆ داخیلە لە بۆ میشك نییە، فە لۆیێ بەس لە مێشكی دەمینی، لۆیە مەثەلەن ئەوە لە پەنای مە عەنكاوە هەیە ئەقەللـەن حەفت سەت ساڵە نەبووینە ئیسلام، موقایەسەی ئا ئەو هەولێرەی بكەین پێشی حەفت سەت سال لەگەر ئێستا دینی ئەو زەمان باشتر بوو تەدەیونی ئەو زەمان باشتر بوو، سەبەبەكە چیە؟ سەبر سەبر حالەی داخیلی لەبۆ تەعریە چووە سەطحیەتی لەبۆ دروست بووە، بەساطەت هاتتە سەری، شت بوویتە بەس ئەلعاب سویدی طاعەت و عیبادەت، رۆژی چەند سەعاتەك خۆی قەطع كا لە خواردن و خواردنەوە، نوێژ ئەو هەستان و دانیشتنە بی، ئا ئەو دینە ئەوهای لێ هاتییە، ئا ئەو دینەش نەقل ناكرێ لە بۆ موقابیل.

فە لۆیێ نوقتەی رەئیسی بەمن ئەوەیە هەتا ئەو ماددانە هەضم نەكرێ، وە ئینسانەكە خۆی لە داخیلی خۆی لەگەر مەوضوع صدقی نەبی پێی ناكری نسبەتی ئەو صدقەی نەقلكا لە بۆ موقابیل، لۆیە ئەمە لە مەجالی دەعوە زۆرمان مونتەمی هەیە لە بۆ ئیسلام، ئەمما موئمینمان مەحدودە، عیلمەن هەموو ئیرادەی باری تەعالا لەدائیرەی ئیمان دەسورێ، پێشترێ گوتمان باری تەعالا لە قورئان نەی فەرمووە یاأیها المسلم إفعل كذا نەی فەرمووە ئەی موسلمان نوێژ بكە ئەی موسلمان رۆژی بگرە ئەی موسلمان فلان بكە، نەخێر ئەی موسلمان فلان مەكە، نەخێر ئیللا فەرموویتی (یاأیها المؤمن)، ئەی موئمین ئەوها بكە ئەی موئمین ئەوها مەكە، لۆیێ هەتا ذەواتمان نەبینە موئمینی حەق ناتانین ئەو ئیمانەش كە ماددەی دەعوەیە نەقل كەین لە بۆ غەیر، كە فیعلەن كەینێ ئەو ماددەیە لە داخیلی خۆمان مەوجود بوو ئەوجە فیعلەن دەبینە مومەثیلی حەقیقی لە بۆ دین، ئەو وەختی ئیرادەی خوای جل جلالە لەگەر مە ڕێك لەبۆ مە دێ، ئەو وەختی شەرت نیە كابرا مەجامیعی كتاب لەبەركا و هەضمی بكا لە مێشكی وەكی دادەنیشی لە دەرس و دروسان ئا ئەو مەقاطعیە كتابانە بخینی لە بۆ موقابیل نەخێر، ئەخلاقی ئەو ذاتەی تەصەروفی ئەو ذاتەی قسەی ئەو ذاتەی تەصریحاتی هەمووی نوقاتی ئیجابیە لەبۆ ئەو دینەی، لۆیە هەموو قورئان هەموو ئەحادیثەكانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەبنیە لەسەر وەی، دین موحامی پێ ناوێ ئیسلام ئیحتیاجی بە موحامی نیە، ئەمە موحتاجین

به ئیمان، کەینێ حەملی ئەو ئیمانەمان کرد فیعلەن تەقدیمی دەکەین لە بۆ موقابیل، فە لۆیی صادیق ئەوەیە کە لەبەینی خۆی و بەینی باری تەعالا صادیق بی وە بتانی بەو صیدقەش دەعوە بکا کە حەقیقەتە، بەو تەقوایەی دەعوە بکا قسەش نەکا، زۆر جار وەبووە یەك مەوقیف، یەك مەوقیف تەئثیری لە ئینسانی موقابیل کردیەو فیعلەن تەغیری پێ کردیە، یەك نەظرە یەك تەمەشا کردن، سەید رەحمەتی خوای لێ بی لە ضلال دەفەرمی قلوبی مە ئی مەخلوقات وەکو جهازی رادیۆنە، ئیذاعات زۆر هەیە ئەمما هەتا نەگاتە سەر ذەب ذەبەی ئیذاعەکەی برێین هی قوڕئانولکەریم دەست بە قوڕئان خیندن ناکا، فە ئەو جسرە ئەو واسیطەیە لە بۆ ئەو جیهازە رادیۆنە حەقیقەت و صدقە ئیخلاصیەتە لە بۆ خوای جل جلالە، لۆیە ئەگەر هاتوو کافریش صدقی هەبوو ناجیح دەبی دەلیلیش واقعی کورەی ئەرضە ئەوە دەلیلە، جولەکە صدقی هەیە لەگەر خۆی لەگەر حەقیقەتی خۆی لەگەر سونەنی خوای کەونی دەیکا هەتا حەددەك نەجاحەت دەینی، ئەمما موسلمان بە عەکسەوە نە ئایاتی خوای شەرعی کە قوڕئانە کە حیکمەی پێغەمبەرە ئیمتیصاص دەکا و هەضمی دەکا، نە لە سوننەی کەونی خوای تێ دەگا، لۆیێ موعارەضەی هۆردووکان دەکا و ئەوە حالی دەبی لەسەر کورەی ئەرض.

فە ئا ئەو حالەتە فیعلەن دەبی لە ناو داخیلی ئینسانەکەی مەوجوود بی، ئەوجە پێی بکرێ نەقلی کا لە بۆ موقابیل، لۆیێ هەر ذاتەك لە چ ئیتیجاهەکی ئیسلامی بی إن شاءالله هەموویان صەحیحن لە چ ئیتیجاهەکی ئیسلامی بی هەتا ئەو جوملە حەقائیقانەی لەناو داخیلی مەوجودنەبی ناتانی تەمثیلی فکری جەماعەتی خۆشی بکا، لۆیە ئەغلەبمان ئێستا گلەییمان هەیە لە نەفەرات لە ناو ئیتیجاهاتی ئیسلامی نەقدمان هەیە موحتەمەلە مورتاح نەبین، کابرا با مەنصەبی فلانی و فلانی هەبی، سەبەبەکەی ئەوەیە ئەمە معیارمان پێیە کابرای کافریش معیاری پێیە، بەواسطەی ئەو معیاریەتەی تەمەشای مەوضوع دەکا، صدق و ئیخلاصییەت و حەقیقەت و تەعەبود و صەلاح و تەقوا لێی کەشف دەکا، لۆیێ موغناطیسیەتەکە مەربوطە بەو مەعانیانە، مەربوط نیە بەوەی کابرا فیعلەن لەبق بی لە قسەکردن، لەبق بی لە قسەکردن.

وەکی ئەو قاریئەمان لێی دێ قاریئمان هەیە قوڕئانان دەخینن، وەکی قوڕئانەکەی تەواو کرد دەڕێن ئایی رەحمەتی خوای لێ بی دەنگی چەند خۆشە ئەوندەی تێگەیشتینە، چونکی لۆ ذهنمان لە بۆ کەلیماتەکان نەچووە، لۆ چونکی تەعابیری کەلیماتی قوڕئانی لە قەلبی وی دەرناچی تەئثیر لە قەلبی من بکا، لۆیێ زۆر موثەقەفینمان هەیە دادەنیشی لە پشت میکرۆفۆن لەسەر مێزان لە نەدەوات لە زۆر شت ئەمما تەئثیرەکە لە بۆ ذهنە تەحویل نابی لە بۆ داخیل قەلب، چونکی نەخۆشیەکە لێرەیە، لۆیێ ئەگەر بیەوێ هەر ئیتیجاهەك ئیسلامی مومەثیلی واقیعی و حەقیقی بی خۆی و ئەفرادی لە بۆ

دینی صەحیح، فیعلەن دەبی ئائەو مەفاهیمانە ئەو مەبادیئانە کە ئەنبیاء و روسول لەسەری پێك هاتینە، لەسەری دروست بووینە دەبی ئا ئەو مەفاهیمانەی تێدا مەوجوود بی، نەخۆ فەشەل دەینی لە بۆ خۆشی خراپترین نەفەریش دەبی لە بۆ ئیتیجاهەکەی و لە بۆ دینەکەش.

تازە بەحسی بەعضە شەرائیحمان کرد لەناو موجتەمەعی ئیسلامی لە فلان و فلان کە فیعلەن إلا من رحمهم الله پیاوی چاکن، ما تبقی گلەیمان لێیان هەیە، ئا ئەوانەش دیسان دەبنە عالە دەبنە موشکیلە لە بۆ دین، فە لۆیێ قانون هەیە لە کن خوای جل جلال بە سوننەی دانایە، ئومەمی سابق ئیمتصاص نەکردنیان لە بۆ دین هەضم نەکردنیان لە بۆ دین وە تەحویلی صەحیح نەکردن لە بۆ واقیع بە سەتا سەد باری تەعالا ئیزاحەی کردینە، لۆیە ئەگەر تەماشای سیرەی پێغەمبەر بکەین صلی الله علیه وسلم مەثەلەن غەزوەی ئوحود، غەزوەی ئوحود خۆ صەحابە حاشاکی وان عارەق خۆریان تێدا نەبوو، زینا کەریان تێدا نەبوو ساحێب فیتنەیان تێدا نەبوو ئەمما فەشەلیشیان هینا، باری تەعالا دەیەوێ مومەثیلی نەقی بی سەتا سەت، سەتا سەت نەقی بی، فە حامیلی دەعوە ئەگەر لە ئیتیجاهی ئیسلامیش بی فیعلەن دەبی مومەثیلی حەق بی لە بۆ دین، حامیلی حەق بی بتانی ئەو حەققە تەحویلکا، حەققیش شەرت نیە هەموو جارێ بەزمان پێی تەعبیر بکرێ، باوەر بکەن موجمەلی بەشەریەتەکەی ئەو ذاتەی ئیمانیەتەکەی ئەو ذاتەی تەعبیرە لە بۆ حەق.

سوئالەکی دی دەرێ ئایا ئامۆژگاریت چییە؟ بۆ ئەو کەسانەی کەوا نە دیراسەی قورئان دەکەن و نە دەیخوێیننەوە.

ئەوەی ئەمن لە بۆم گەراوە صەدای ئەو دروسانە مەجموعەك برا بەداخەوە سلبەن موتەئەثیرن، کە ئەمە لێرە قورئان عەرض دەکەین دەرێین قورئان بە تەرتیبی نزول تەفعیل بکرێ و هەضم بکرێ و ئیمتیصاص بکرێ و تەحویل بکرێ لە بۆ واقیع، ناشرێین ئەو قورئانە دەبی ئیهمال بکرێ نەخێر، چونکی هەر لە بیدایەت لە چۆنیەتی دروست کردنی ئیمان بەحسی ئەوەمان کرد، باری تەعالا دوو نەوعە ئایەتی هەیە ئایەتی کەونی لەگە ئایەتی شەرعی کە قورئانە هۆردووکیش موطابیقن، هۆردووك ئایەتی کەونی مەخلوقاتی لەگەر ئایەتی شەرعی قورئانی هۆردووك یەکن، وجهان لعملة واحدة، یەك قیمەتیان هەیە وەکی پارەکی ئەمما دوو رووی هەیە، کە باری تەعالا بەحسی شەمس دەکا ئەو شەمسەیە، بەحسی قەمەر دەکا ئەو قەمەرەیە نجوم ئا ئەو نجومانەیە، کە بەحسی وانە دەکا دەبی حەقیقەت تەعبیربکا لەوانە، کە بەحسی (وَالشَّمْسِ وَضُحَاها) (الشمس١) دەکا رەبطی دەکا بە حالەك تەدەیونی تەعەبودی.

ئیذەن نابی فەصل هەبی نابی جوداکاری هەبی لەبەینی ئایەتی شەرعی و ئایاتی کەونی مەخلوقی، فە کابرا شەوان هەردەستی قیرائە دەکا لەبۆ ئایاتی مەخلوقی لە عەینی وەقت ئایاتی شەرعیشی پێیە

قورئانەکە، فە لۆیێ ئەقەللـەن ئەقەللـەن ئەگەر هاتوو مەجالی هەبوو مجەللـەکی بخینی زۆر باشترە قورئانەك دەست بداتێ، بچتە خزمەت قورئانەکەی دوو کەلیمە دوو تەعبیر لە قورئانەکەی ئیستیفادە بکا، ئەمما ئەمە لەگەر وەی دانینە مانگێ جارەك قورئان خەتم بکرێ، جزوەکی کامیل خەتم بکا، ئەمما سێ کەلیمە لە جوزوی تێنەگا، موحتەمەلە ئەوە مەطلوبە لەمە لەسەر یەك ئایەت یەك مانگ راوەستین، حەزرەتی نوح قصصەیە دوور و درێژ باری تەعالا بەحسی دەکا (فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا) (العنكبوت١٤)، مەثەلەن لۆ لێرە دەفەرمی سەنە لۆ لێرە دەفەرمی عام، هۆردووکی سێ سەت و شێست و پێنج رۆژە، کەلیمەی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق١) پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئوممی بوو، قیرائە و کیتابەی نەدەزانی لۆ ئەمری پێدەکا جوبریل إقرأ ئایەتیشە، ئەوە قورئان خیندنە ئەوە قیرائەیە رابوەستی لەسەری کەلیمە کەلیمە، هەندەسەی ئەو ئایەتانە کو هاتیە لۆ فلان مەوضوع پێشی فلان و پاشی فلانی هاتیە، دەبی فیعلەن ئەو قورئانە تەدەبور بکرێ، نەظەری تێدا بکرێ لۆوەی فیعلەن ئا ئەو حالەتەی مەطلوب موستەقبەلەن لە ناو داخیل دروست ببی، ئەمما قورئان ئیهمال بکرێ ئەوە مەطروح نەبووە نەبووە مەطلوبیش لە موقابیل، ئەمما قورئانمان تەفضیل کردیە لەسەر موجەللـەکی ئیسلامی، موجەللـەکی کامل موحتەمەلە سێ مەعلومات مەفهوم طەرحکا ئیستیفادەی لێ بکەین، ئەمما کەلیماتی قورئانی هەر کەلیمەك وەقعی خاصی خۆی هەیە لە داخیل، بەو شەرتەی ئەمە ئەرضیەمان هەبی لە داخیل ئیستیعدادمان هەبی لە داخیل مەخلوقاتی خۆی لە کەون ئایاتی کەونینە عەینی وەقتیش دەفەرمی (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا) (محمد ٢٤)، کە دەفەرمی (رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُوراً) (الفرقان ٣٠)، شەرت نییە هەجر و قیرائە بی بەس. ئەئیممەی صولەحا رەحمەتی خوایان لێ بی هەجریان تەفسیر کردیە لە بۆ سێ جیهە، ئەووەلەن هەجری تەدەبور پاشان هەجری عەمەل ئەوجە پاشان هەجری قیرائەیە، فە لۆیێ قورئان خیندن فیعلەن دەبی ببتە قیرائە نەك دیراسە، قیرائە یەعنی موتابەعە کردنی قورئان، تیلاوەی قورئان تەرتیلی قورئان، ئەوانە هەمووی مەعانی خاصی خۆی هەیە لە قورئان.

پرسیار/ مامۆستا ئەگەر ئەمە لەقورئان نەگەیشتین ئەدی نابی بچینە سەر اجماع و قیاس مصالح مرسلەو ئەوانی تر؟ وەڵام/ لە موقایەساتی عیلمی کە عولەماء رەحمەتی خوایان لێ بی پاشی جیلی صەحابە دایاننابی، کە ئصول ئیستینادی لە سەر بکرێ لە بۆ ناسینی دین و لە دین تێگەیشتن لەسەر هەشتی ئیتیفاق کرایە، هەمووی نا طەبعەن، ئەمما ئیجماع هەمووی ئوممە ئەوەی روو لە قیبلەی دەکا لەسەر دوویان موتتەفیقە کەدەرێ الكتاب والسنة، پاشان الإجماع والقياس، فتاوى الصحابة، مصالح مرسلة...الى اخره، دەچتە خوارێ، ئەوە تەرتیبی ئوممەی ئیسلامیە هەمووی لە سەروەی موتتەفیقە، یەکەمین جار چ؟ الكتاب، کێهان کیتاب؟ قورئان، هەموو ئوممەی ئیسلامی لە سەر

قوڕئان موتتەفیقە، مەرحەلەی دووەم لەسەر چ موتتەفیقە؟ السنة، هەموو ئوممەی ئیسلامی لە سەر وەی موتتەفیقە، چاکە.

ئەگەر ئەوە ئیرادەی خوای بی هەموو ئیسلام لەسەر وەی موتتەفیق بن ئەووەل جار رەقەم یەك، یەکەمین دەرەجە ئیهتیمامی بدرێتێ الکتاب، کتاب الله، دووەمین دەرەجە سونة رسول الله، ئەمەش هەمووماان لەسەروەی موتتەفیقین وەنیە؟ باشە، لە بۆ دین فێربوونمان ئەمە ئەوەی کە قیرائە و کیتابەی هەیە، ئەوها باشە لەبنڕا لە ئیستیصحاب و ئیستیحسان و مەصالیح مورسەلە و ئەوجە پاشان بێینە سەر قیاس و پاشان بێینە سەر ئیجماع و ئەوجە بێینە سەر سوننە و ئەوجە بێینە سەر کیتاب قیاسەکە ئەوهایە؟ ئەمە چمان کردیە هەر خۆت جواب دەوە، گوتمان هەموو ئوممەی ئیسلامی اهلی القبلة، نارێم السنة والجماعة، هەتتا شیعەش لەگەرمان موتتەفیقن لەسەر وەی، ئەباضی و کیرامی وئیسماعیلی و ئەوانە طەوائیفن هەموو لەسەر وەی موتتەفیقن، یەکەمین جار دەرێن کتاب الله، وەیە یان نا؟ چاکە، ئەتوش وە دەرێی، پاشان دەرێن سنة رسول الله وە نیە؟ جوملەك لە سەلەفیین لەوەندەی رادەوەستن ماتەبەقا سەلەفیین دێنە خوارێش، ئیجماعیش بە نوقطە دادەنێن بە موستەنەد دادەنێن ئیجماعی ئوممە (إن أمتي لا تجتمع على ضلالة) (رواه ابن ماجة)، دێنە خوارێ قیاسیش بە موستەنەد دادەنێن، کە دینی لێ وەردەگیرێ، سەلەفی لەوەی رادەوەستن، ئەصحاب مەذاهیبیتکە دێنە خوارێ.

مەثەلەن رەئی صەحابە بە بەند دادەنێن، ئیستیصحاب هەیە ئیستیحسان هەیە مەصالیح مورسەلە هەیە، ئەوانە هەمووی مەعایری دینی ئیسلامن وەنیە؟ چاکە، ئەمە کە دامانناییە خوا و پێغەمبەریش ئەمری پێکردینە ئەووەل جار دەرێ کیتاب الله پاشان سنة رسول الله، پاشان ئیجماع پاشان قیاس ئەوجە ئەو تەرتیباتانە، کە ئەمە دەمانەوێ لە دین بگەین مەطلوبە لەمە یەکەمین جار بچینە سەر قوڕئان یان بچینە سەر حەدیس؟، ها..؟ وەیە یان نا؟ هەمووماان موتتەفیقین لەسەر وەی، ئەوەی خودا ئەمر بە مە دەکا یەکەمین جار بچینە سەر قوڕئان، باشە ئەگەر تێینەگیشتین لە قوڕئان ئەوجە دەچینە سەر سوننە، ئەگەر تێینەگەیشتین دەچینە سەر قیاس، تێینەگەیشتین دەچینە سەر ئیجماع، پاشان ئەو تەرتیبانە ماتەبەقا هەشتەکەی دی، ئەمە ئێستا ئەوهامان کردیە؟ نەخێر، موسلمانەك رەحمەتی خوای لێ بی کیتابەکی دانایە، ئەمە ناچینە سەر مەصالح مورسەلە و ئیستیصحاب و ئیستحسانیش، رەئي فلان نظرة فلان فكرة فلان في الدين، دەچین وەردەگرین زۆر جار دەشکەینە قاعیدە تەدەییونیشی پێ دەکەین وەیە یان نا؟ قەیدی ناکا دەینین ئەو کیتابەی دادەنێین، ئەمما لە مە مەطلوبە ئەگەر ئەمە عەبدی خوای بین یەکەمین جار بچینە سەر قوڕئان، پاشان سەر حەدیث ئەوە تەرتیبەکەیە، ئەوها نیە تەرتیب لە قوڕئان؟ تەرتیبی قوڕئان ئەوهایە تەرتیبی حەدیث ئەوهایە،

کیتابەکەش لە سەر چاومانی دادەنێین ئەمما لە تەنیشت حەدیثەکەی دادەنێین، ئەوەی لەگەر وەی موافیق بی لەگەر قورئانەکەی دەرجەی یەك، پاشان لە حەدیسەکەی دەرجە دوو، ئەوەی لەوەیدا هەبی لە کیتابەکەی دا هەبی لەگە وانە تێك بکا لەسەر سەرمانی دادەنێین واضحە، ئەوەی لەگەر وانە تێکی نەکرد دایدەنێین بەبێ ئەوەی ناوی بینین، نە بە تەفسیق نە بە تەفجیر نە بە تەکفیر نەخێر، ئەگەر خەطەئیشی کردبی دوعای لۆ دەکەین خوا أن شاءالله لە گوناحی خۆش بی چونکە مەقصەدی شەر نەبووە ئەوە واضحە برایی من ئەوە نوقطەی یەکەم.

باشە ئەگەر کابرا خیندەواری نەبوو ئەو وەختی چ بکا؟ وە نییە؟ وەکی مە دانشی لە سەر مێزو و کورسی فێر بکرێ طەلەبەی مەعهەد نەبوو طەلەبەی جامیعەی نەبوو طەلەبەی صەفی شەش نەبوو ئەعدادی، وەنیە؟ ئەو چ بکا؟ نابی فێرە دین ببی؟ باشە، ئەگەر لە دەرسی تەعلیم جەنابت مەوجود بووبی بەحسی ئەوەمان کرد ئیرادەی باری تەعالا ئەوهایە دەبی هەموو بەشەریەت ئیمانی پێ بینن، هەموو بەشرییەت دەبی ئیمانی پێ بینن، ئەمما تازە پێشی قیچەکی مەثەلمان هینا گوتمان ئەگەر ئەمن لە گیرفانم سەت دینار نەبی، مەعقولە خودا بەمن برێ سەت دیناری بکە خێر، وەنیە؟ باری تەعالا دەفەرمی (وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضاً حَسَناً) (الحدید١٨)، باری تەعالا قەردی لەمە دەوێ برێین بیدایەتی قەردەکەی ئیمان هینانە پێی، ئەگەر باری تەعالا ئەصلەن مەواددی ئەووەلی ئەو ئیمان هینانەی لە داخیلی مەی دانەنابی کو لەمە طەلەب دەکا ئیمانی پێ بینین وەیە یان نا؟.

میثال بینین وەزارەتی تەربیە مەنهەجی دانایە لە بۆ طەلەبە عالەم فێرە ئەلف و باء،تاء،ثاء ببی، یەکەمین بەند دەلێ کابرا ئەو نەفەرە ئەو طەلەبە ئەو مندالە کە دەچتە ئیبتدائی دەبی عومری شەش سال بی، دووەمین دەبی عاقل بی شێت نەبی، سێیەمین چاو و گێی تەواو بی، ئەو سێ شەرطە رەئیسیە یەکەمین شەش سال تەواو بکا لۆ؟ ئا ئەو مێشکەی بگاتە ئەو مستەوایەی کە لەسەر کورسیەکەی دانیشیت بەرامبەر مامۆستای مامۆستا شکلی مراوییەکی لەبۆ هینا گۆتی ئەوە یائە (ی) لەسەر شکلی مراوی، شکلی مراوییەکەی رسمەکەی لەگەر یای حەرف یای ئەخیر طەبع ببی لە مێشکی، کە طەبع بوو لەمێشکی ئەو وەختی ئەگەر مامۆستا لێی پرسی شکلی مراوی کوە دەنگەکەی؟ برێ ئی، شکلی مراوییەکەی دێتە پێش چاوی صەوتەکەش لە مێشکیتی بەگێ، چاوی و گێ ئیشی کرد، ئەو وەختی کە مامۆستا پێی گۆ مەنجەلە و کفتەکەی لە ناوە دەرێ (ن) مەنجەلە و کفتەی لەناوە.

ئیذەن چاو و گێ ئیشی کرد لە شەش سالی ئا ئەو چاوو و ئەو گێیە دەتانی ئەو رەسمەی نەقل کا لە بۆ مێشکی واضحە برای من، ئەمما لە سێ سالی خۆ چاو و گێی هەیە بەئاگری نارێ خەطەر دەرێ بڤە، نەفسی شەخصیشە ئەمما ئیقتیداری ئەوەی نیە مەنجەل و کفتە لەناو مێشکی حەرفەکەش

صەوتی لە بۆ دروست کا فۆنەتیك لە بۆی دروستکا، پاشان دەبی عەقلی هەبی عاقل بی یەعنی بتانی فیعلەن تەعامول بکا لە مستەوای عومری خۆی، ئینسانەك سەوی بی بە عەرەبی پێی دەرێن، ئەگەر هاتوو ئەوانەی نەبوو عائیقەك هەیە لە بۆ فێربوون وەنیە؟، باری تەعالاش ئەسبابی ئیمان هینان هەمووی بە صەوت و بەگێ و بە چاو و بە دەست و بە پێ و بە قەلب و بە مەشاعیر و بە ئەحاسیس هەمووی لەناو داخیلمانی دانایە ئەوە ئیرادەی خوایە، لۆیێ کە پێمان دەرێ ئیمان بینن وەسائیلەکان مەوجودە.

لۆیە ئەگەر جەنابت لە دروسی ئیمان مەوجود بای ئیشی ئەنبیاء و روسول هەموویان قاطیبەتەن ئیمان دروست کردن نیە، باشە دەبی ئیشیان چ بی هەموو پێغەمبەرە هاتینە؟ ئیشیان لەو دوو ئایەتەی جەمع بووە، یەکەمین جار (يَتْلُونَ آيَاتِ اللهِ) (ال عمران ١١٣) تیلاوەی ئایات دەکەن، لە بۆ کێ؟ لە بۆ موقابیل، ئەمەینە، ئەمەش سەمع و بەصەرمان هەیە کە تیلاوەی ئایات کرا یەکسەر ئایەتەکان وەردەگرین، وەکو مندارەکەی شکلی مراوی مەنجەل و کفتەکە یەکسەر صەوتەکەی لەگەر دێ فێری دەبین رەسولەکە بیلا تەشبیهـ وەکو مامۆستایەکەیە ئا ئەو شکلەی دروست دەکا یەکسەر ئەمە دەست دەکەین بە قیرائە کردن (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق١) کە قیرائەمان کرد خۆمان وەسائیلەکان لە ناو داخیلمان مەوجودە یەکسەر ئەو جیهازە لە داخیل دەست بە ئیش کردن دەکا، کأنە رەسولەکە بیلا تەشبیهـ تەسجیل هەیە[ئاماژە بۆ سینگ] لێرە دێی بەواسطەی ئا ئەو تیلاوەیەی پلەك بەو تەسجیلەی وە دەنێ ئەو تەسجیلە خۆی ئیش دەکا. لۆیە دەفەرمی نوقطەی دووەم (وَيُزَكِّيهِمْ) (ال عمران١٦٤)، کە تەزکیەکە دروست بوو زەمینە لە بۆ چ دروست دەبی؟ الکتاب، لۆیە دەفەرمی (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ) (ال عمران١٦٤)، کەینێ کیتابەکەی فێر بوو تەفعیل کردنی لە بۆ واقیع ناوی نرایە بە حیکمە، پاشان (و وَيُعَلِّمُهُمُ الْحِكْمَةَ) (ال عمران١٦٤)، (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) (الجمعة ٢)، لۆیە هەموومان ئاگادارین عیلممان بەوەی هەیە پێغەمبەر صلى الله عليهم وسلم خۆی ئەصلەن ئوممی بوو وەیە یان نا؟ ئیذەن پێغەمبەر صلى الله عليهم وسلم ئەلف و باء و تاء و ثاءی نەدەزانی، موتتەفیقین؟ باشە كيف علم صحابة علم بشرية الكتاب؟ وەنییە کەیف علمهم الحكمة، ئیذەن مەفهوومی تەعلیم لە مێشکی مە غەیری ئەو مەفهومەیە کە لە قورئان مەوجودە.

ئەگەر جەنابت مەوجود بی بەحسی تەعلیمیشمان کرد وەختی، گۆتمان تەعلیم خوا کردیتی لە ئادەم (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) (البقرة٣١)، جیهازی دانایە لە ناو ئادەم بەنی ئادەم کە لە داکی دەردەچی ئە بەو نەوعەی تەعلیم کرایە، بەس دەکرێ پێغەمبەرەکە ئیشی پێبکا تەزکیەی پێ بکا واضحە برام، ئیذەن کابرای خۆشناوەتی خۆشمان جیهازی پێیە لەگەر کابرای مۆزەنبیقی، جیهازی پێیە بەس پێی

دەوەێ ذاتەك رەسولەك یان بەدیلی رەسولەك تیلاوەی لۆ بكا، نەك بچی فەلسەفەی روح الصلاة و فەلسەفەی فلانی و فیكری فلانی و قەضایەی فولانی و نا، هیچ ئەنبیائەك ئەوەی نەهینایە، ئەصلەن بە قەناعەتی خۆم ئەصلەن پێشئەوەی كابرا موئمین بی ئەو كیتابانەی لە مێشك دابنرێ ئەوە قالب دروست كردنە لە مێشكی، وەكو دوو فی دوو دەكا چار، ئەتوو فێری بكەی دوو فی دوو دەكا سێ، كەونیش لە پێشی ئیسپات بكا دوو فی دوو دەكا چار قەناعەتی پێ نایینی واضحە برای من، ئیذەن مەوضوعەكە قیرائە و مەكتەبە نیە، كیتاب تەئلیف كردن نیە، كیتاب خیندنە ئەمما پاشان كە ئیمانەكە دروست بوو كە حالەكە دروست بوو تیلاوەی كرد كابرا، تیلاوەی لەسەر كرا قیرائەی كرد تەزكیە كرا لە داخیلی تەزكیەی خۆی كرد تەعلیمی كیتاب بوو تەعلیمی حیكمە بوو، ئەرێ والله با هەر بچی رۆژێ كیتابەك بخینی زۆر طەبیعیە، ئیذەن مەنعی كیتاب ناكەین بە هیچ نەوعەكی بە شەرط فیعلەن ئا ئەو ذاتە لەو مستەوایە بی، لۆیێ هەتا ئەو حالەتە دروست نەبی جوملەك لە موثەققەفین دەتانین دروست كەین ئەمە، جوملەك لە واعی لە ئیسلام دروست كەین ئەمە، ئەمما فیعلەن موئمینمان دروست نەكردیە، دەتانی وەكو مە لە سەر مێز و كورسی دانیشی خەرك زۆر ئیقناع بكا، ئەمما وەرە سەر واقیعی حالی خۆی تەناقوضات زۆر لە حەیاتی هەیە، عالەمەكەش زۆر جار ئەها وەكو مامۆستای سەر سپی پێتان ناخۆش نەبی ها ئەگەر كوڕە مەلانە ئەگە ئەمنیش شمول دەكا ئەو قسەیە چونكی زۆر جار گۆتیتی بە قسەم كەن بە عەمەلم مەكەن، ئەمەش وەمان لێ دێ دوایێ، تەناقوض ئیزدیواجییەت دروست دەبی لە بەینی قسەمان و عەمەلمان، عیلمەن باری تەعالا لە هەموو قوڕئان كە بەحسی عەمەلی كردبی ئیمانی بە پێش خستیە، هەموو قوڕئان لە فاتیحەوە هەتا (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ) (الناس ١)، فەرمویتی (آمَنُواْ وَعَمِلُواْ) (البقرة٢٥)، (آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ) (الانفال٧٢) ئیللا ئیمانی پێشە، ئیذەن عەمیلو مەربوطە بە ئیمان مەربوط نیە وەعی بە تەثقیف، فەلۆیە نارێین كیتاب ئیهمال بكرێ كیتاب دەسوتێنین كیتاب وازدەینین نەخێر كیتابیش دەخینین فەلسەفاتی كوفریش دەخینین ئەە.. لۆ نەخینین!، ئەمما پاش ئەوەی خۆمان فیعلەن ئینسانی موئمینی حەقیقیمان لێ دروست بووە موتەفقین برام؟ إن شاءالله. بەرێ...؟ سوئالەكەی دەربارەی پۆلین كردنی یەعنی تەصنیف كردنی خەلق لە قوڕئاندا، هەروەكو باست كرد لە ئەنعامەوە دەست پێ دەكا هەتا پلەی موحسین چاكە، خوای گەورە دەفەرمی (أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ) (الاعراف٧٩)، بەلێ ئایە ئەم (بَلْ هُمْ أَضَلُّ) ە، ئەضەللـەش پۆلینە لە پۆلینەكان؟ دەرێین بەلێ، تازە بەحسی مندالمان كرد ئەو مندالە عمری سێ سال بوو بە ئاگری دەگۆ بڤە، ئەمما قیچەك بووە شەش سال عومری بە ئاگری گۆت دەسوتێنی، قیچەك متەطەورت تر دەبی عومری دەگاتە دوادزە سال موحتەمەلە بە ئاگری برێ خەطەر، كە چووە جامیعەی بە ئاگر دەرێ دێنجەر وە نیە، تەطەور دەكا ئەو كابرایە، نەفسی ذاتیشە

هەر (محمد) ەكەی جارانە، خەلیەكانی مێشكیشی هەر نەفسی خەلیەیە، چونكی هەموو خەلیەی بەدەن تەطەور دەكا و تەغیر دەبی بەس مێشكی وەكی خۆیتی، ئیذەن ئەو مێشكەی بە مەراحیل داچووە پێشترێ گچكە بوو هەتا كفتە و مەنجەلەكەی نەدیتبا حەرفەكەی پێ تەلەفوض نەدەكرا، ئەمما پاشان تەطەوری كرد مێشكی، عیلمەن نەفسی خەلیەكانە نەگۆرایە زیاد و كەم نەبووە، فە لێرە نەفسی ئەو ذاتەیە شەخصەكەیە كە داخیلی پێكداچووە موشەووەهە ناوی ئەنعامە، كالأنعام، لۆیە دەفەرمی (وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ) (محمد ١٢)، بەلێ دەخۆن و دەخۆنەوە تەمەتوعیش دەكەن، ئەمما وەكی حەیوانات، ئیذەن داخیلی وەی وەكو حەیواناتە كە دێ تەعامول دەكا لەگەر واقیع وەكو حەیوان تەعامول دەكا، (هیبس) هەبوو پێشی تەقریبەن دە سالان خۆزگە ئەنگۆش بتان دیتبا لە غەرب هیبس، مەجامیع بوون سەد هەزار نەفەر یەك جار موئتەمەریان كرد لە واشنطن، سەد هەزار نەفەر گەنج، هیبیس بوون ئەوانەی دوعاتی الرجوع إلی الطبیعة بگەرێنەوە طەبیعەت گیا خۆربوون هەموویان، مەثەلەن خۆیان نەدەشوشت بدیتبا حالات و حەرەكات و سەكەناتیان تەصەروفاتیان، فلیم هەبوو ئەو وەختی لەسەریان فلیم هەبوو لە سەریان، موئتەمەراتیان دەكرد، ئەو حزبی خوضری ئێستا كە لە غەرب مەوجودە لە زۆر دەولەتانیش حوكم دەكا ئینتاجی وانە، تەطەوری كردیە سەبر سەبر ئێستا بوویتە جیهەك سیاسی حوكم دەكا. (گرینپیس) لەغەرب مەوجودە لە ئەلمانیا ئێستا تەحالوفی هەیە لە ئیتالیا تەحالوفی هەیە، لە ئیسپانیا تەحالوفی هەیە، ئە ئەوانە مەجموعەك بوون مەثەلەن لە فلیم یەعنی ئەگەر بچووبای لە گەریان بژیابای، دەیانگۆ ئیحتیاج بەوەی ناكا ئەمە دەست ئیستیعمال كەین لە خواردن، لۆیێ قاپیان برند دەكرد لۆ لای دەویان، ئەوە كەمترین تەصەروفیان بوو، طەبعەن تەصەروفاتیتكە حەیوانی، مەثەلەن جل لەبەر نەكردن هەموویان رووت و قوت، یەعنی طەبیعەك صرف حەیوانی، هەتا هەبوو مەثەلەن لە دوەلی فلیپین و ئەسكەندەنافی و ئەوانە كە دەهاتن زمانیشیان نەدەزانی خۆیان دەیانویست زمانەكی حەیوانی دروست كەن بە ئیشارت بە حەرەكەی دەست زمانەك دروست كەن لۆ خۆیان، (وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ) (محمد ١٢)، ئەوە تەصنیفەكە لە تەصنیفی ذەوات، قیچەك ئیرتیفاع دەكا دەبتە ئینسان، لە شێست و چار جێ قورئان بەحسی كردیە هەمووی سلبیە، كە ئەمە بەیەكەك دەرێن ئینسان لە قورئان وەكی جونیە نەك مەقام و رێز لێنانە، (خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ* ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا) (التیتن٤،٥،٦) نەوعەكیتكەنە ئەوانە، (وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) (آمَنُواوَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)، مەرحەلەك موتەطەورتر لەوی دەبتە عضوەك لە ناس دوو سەت و چل و قصور جێ باری تەعالا لە قورئان ذیكری كردینە ئەوانە موتەطەور ترن، وەكی هیبیسەكان نینیە، ناسن ئەوانە موتەطەورتر دەبتە بەنی ئادەم حەفت جار لەقورئان ذیكر كرایە،

موتەطەور تر دەبتە بەشەر، ئەوەی ئیستیعدادی هەیە قەناعاتی ئەنبیاء روسول بە کامیلەتەن وەربگری ئیستعاب بکا، تەطەور بکا دەبتە موسلیم، تەطەور بکا دبتە موئمین، تەطەور بکا دەبتە موحسین، ئەوە تەرتیبی قورئانیە تەصنیفەکەیە، لۆیێ زیاتر ضەوئمدا کەلیمەی ئەنعام ئەمن خۆم ئا ئەو جەماعەتانەم دیتیە بە ئەفلام و بە کوتوب تەصەروفات و سولوکیان بەو نەوعەی بووە، لایەزالیش ئەوانە حیزبن ئەمما تەطەور تر بووینە مەثەلەن ئێستا جلکی لەبەر دەکەن، بەرلەمانات نەفەریان تێدا هەیە مومەثلیان هەیە لە بەرلەمانات، ئەمما نەفسی قەناعەتە، مەثەلەن نابی داری ببڕی نابی سەگ ئەزیەت بدرێ، مەثەلەن دوعاتی حقوقی حەیوان لەوانە، مونەظەمەیان هەیە و مەحاکمیان هەیە و ئەە سولطەیان هەیە و، لە بریطانیا مەثەلەن نابی لە سەر جادەی کەس حەیوان سەربڕی یان مریشك سەربڕی، مریشکەك سەر ببری لە بریطانیا حوکمەتی بریطانی موحاکەمەی دەکا، ئەگەر خاریجی بی دەری دەکا، چونکی دوعاتی حقوقی حەیوان لەوێ لە قانونی بریطانی بەندی هەیە، ئەوە هەمووی لە بابی کالأنعام، ئەم ووشانە جیاوازییان چییە ربك ربك؟ ئایا وشەی ربی مانای چییە؟ ئەوە بەحسمان کردیە ربك ربك لە مەدلولی لیسان عەرەب لە قورئان بەحسی هەندەسەمان کرد هەندەسەی قورئانی وەختی خۆی، یاخود جوغرافیای کەلیماتی قورئانی هەر مەقامەك کەلیمەك مەقامی خۆی هەیە لە قورئان، وە بەو مەقامەی مەعنای خۆی دەدا و پر، ئەوا جوابەکەی یطول من الحدیث،

فە ئێستا دەرسەکەمان تەواو بوو ئەوەی دەیەوێ خوا حافیزی بکا لە حفزی خوای دابی خوا موعینی بی، ئەوەی سوئالی مایە هەتا دە دەقەی دی با بپرسی بەلێ، بەلێ، ئەو برادەرە دەپرسی، نەخۆشیەکانی نەفسی؟ ئەمە...ئەمەی موسلمان روئیەمان لەبۆ نەفس وەکو روئیەی غەربی نییە، نەفس جوزئەکە لە کیانی خۆمان فەصل نەکرایە نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەم: غەیری خۆشمان ئەثەری لە سەر نەفسمان نییە، خۆمان ئەو نەفسەی چاك دەکەین خۆمان ئەو نەفسەی خراپ دەکەین، یەعنی شەیاطین و جن و ئەوانە عیلاقەیان بە نەفسمان نیە عیلاقەیان بە بەدەنمان نییە، ئەگەر هاتوو تەزکیەی داخیل بکرێ ئەو نەفسە تەصفییە دەبی دەبتە نەفسەك موطمەئینە، مەربوطە بە تەزکیە مەربوطە بە ئیمان هینان بە تەقوا کردن، ئەگەر هاتوو نەفسەکە ئەوها نەبوو عەن طەریقی شەیاطین لە خاریجەوە ئیحائاتی لەبۆ دێ بە سی و یەك طەریقە شەیطان دەتانی تەئثیر لەو ذاتەی بکا، نەفسیشی مەصرەحی عەمەلیاتی ئەو شەیطانەیە کە تێیدا ئیش دەکا، فە حەللـەکە ئیمان هینانی حەققە، وە تەزکیە کردنە وەکو تازە پێش قیچەکی بەحسمان کرد، ئەگەر ئەواها بوو فیعلەن هیچ خەلەل نامینێ، لۆیێ لە جیلی صەحابە شێت نەبوو هەموو عەبقەری بوون، هەموو عولەماء بوون، عیلمەن مەعلومیشتانە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە بۆ هیچ لەو صەحابیانە مەعاهید و کولیاتی دروست

نەكرد، مەثەلەن زۆر جار ئیعادەمان كردیە پێغەمبەر لە نەوعی سوفەراء شەش نەوعە سەفیری هەبوو، بەس سەفیر شەش نەوعی هەبوو، لە موتەرجیم یەك موتەرجیمی حەفت لوغەی دەزانی، عیلمەن ئەوانەی دانەنابوو لە مەعاهید و كولیات فێریان كا، ئەتو لە مەعهەدی سەفارە فێری بە دبلۆماسییەت فێر بە، نەخێر واضحە برای من، لۆ چونكی داخیلی ئینسان قوواتی هەیە، باری تەعالا بە قووەی كامینە لە ناو داخیلی دانایە، فە ئەگەر هاتوو ئیمان عەمەلی پێ كرا لەداخیل تەوضیفی داخیل كرا و تەغیر لە داخیل دروست بوو فیعلەن ئا ئەو مەواهیبانە ئا ئەو طاقاتانە هەمووی كەشف دەبی واضحە بەرێ.بەرێ..بەرێ..مؤمن؟ دەفەرمی (وَالْعَصْرِ) سوئالەكەی ئەوەیە لە سورەتی العصر (وَالْعَصْرِ* إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ *) (العصر)، لە (إلا) بە دواوە چ ناوێكی بۆ دادەنرێ وەنیە؟ ئەە، گوتمان لە شێست و چار جێ باری تەعالا ذیكری ئینسانی كردیە هەمووی سلبیە هەمووی، هەمووی گوتمان بیلا تەشبیهـ كو بە یەكەكی برێی ئەتوو ئەوهای كە پێت گۆت ئەتو ئینسانی یەعنی ئەوهایە كأنە جوونە لە قورئان، ئینسان دەرەجەكە فەوقی حەیوانەكان ئەوەی وەكی حەیوانیە كالأنعام، ئەمما باری تەعالا كە دەفەرمی: (إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ)، فەصلیان دەكا (إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا) ئەوانە نەوعەكیتكەنە، فیعلەن كابرای موئمین بە هەموو ئەحاسیسی موختەلیفە لەگەر كابرای كافر، مەثەلەن گێی كابرای موئمین جودایە لەگەر گێی كابرای كافر، چاوی جودایە دەستی جودایە لاقی جودایە قەلبی جودایە، هەمووی تەغیر دەبی، ئەم... بەلێ، پرسیار/ دەلی (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ) (البقرة١٣) وەلام/ دەفەرمی: (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ)، ئەوە كلام الله نیە، ئیشكالەك هەیە لێرە صەراحەتەن، قورئان.. قورئان هەمووی كلام الله، ئەمما باری تەعالا زۆر جار لە بەشەر لە ئینسان لە شەیطان شت نەقل دەكا لەبۆ مە، ئەمما شەرت نیە ئەوە كلام الله بی، مەثەلەن باری تەعالا بەحسی شەیطان دەكا شەیطان حیوار دەكا لەگەر باری تەعالا قسان دەكا (وَلأُضِلَّنَّهُمْ) (لأُمَنِّيَنَّهُمْ) (النساء١١٩)، ئەوها دەكەم لە بەشەر ئەوها دەكەم لە بەشەر خۆ ئەوە قسەی خوای نییە وە نییە؟، شەیطان وەدەرێ باری تەعالا دەفەرمی شەیطان وەدەرێ، ئەمما خوا وەنارێ باری تەعالا لە شەیطان لۆمە نەقل دەكا، ئەمما مۆری پێوەنانێ ئەوە صادیقە شەیطان لەو قسانە نەء شەیطان موجریمە واضحە، مەثەلەن زۆر جار لە خەون نەقل دەكا باری تەعالا، مەثەلەن لە موناففین (قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء) (البقرة١٣)، باری تەعالا لە موناففین لۆمە نەقل دەكا ئیذەن ئەو قسەیە ئی باری تەعالا نییە باری تەعالا لێرەیە موجەررەد ناقیلە، ئەمما لە قورئان تەدوینی كردیە وەكو ئایەت ئەمە دەیخینین واضحە؟، ئیذەن هەموو قورئان كلام الله نییە، بە تەقریر زۆر جار (كلام الله) ە بە نەقل، ئەها بەحسی شەیطان دەكا، مەثەلەن رۆژی قیامەت (وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ) (ابراهیم٢٢)،

شەیطان دێ رادەوەستی تەقریری خۆی پێیە مینەصەی لەبۆ هەیە دەست دەکا بە قسە کردن، باری تەعالا هەموو قسەکانی لەبۆ مە نەقل دەکا. مەثەلەن بەحسی إمرأة العزیز (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلاَّ مَا رَحِمَ رَبِّيَ) (یوسف٥٣) ئەوە قسەی وییە بەحسی (إمرأة العزیز) ە، یەعنی ئەمە فەصل کەین الله کە قسان دەکا لەبۆ مە نەقل دەکا بە ئەمر ئەوە خوای جل جلالە، الله جل جلالە لە غەیر نەقل دەکا لەبۆ مە جودایە، مەثەلەن هود هود تەیرە کە دێتە لای سولەیمان (إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ) (النمل٢٣)، ئەوە قسەی هود هودیە، (وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ اللَّهِ) (النمل٢٤)، ئەوە قسەی هود هودیە، قسەی باری تەعالا نییە باری تەعالا نەقل دەکا لەبۆ مە، فەلۆیە کە دەچینە خزمەت قورئان دەقیق بین، لێرە دەرێ (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ)، من قال لهم؟، الرسول؟ نەء، لۆیە معیارەکە لێرە صەحیح نیە، (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء) (البقرة١٣) ئەوان ئەو جوابەیان هەیە، ئێذەن جوابی وانیش کە نەقل دەکا باری تەعالا جوابی قسەکەی وان قسەی باری تەعالا نیە، باری تەعالا فەقەط ناقیلە نەقل دەکا دەقیق بین لە قورئان یەعنی ئەگەر وەهابی والعیاذ بالله لە زۆر جێیان ئیتیهام دەکرێ، لۆیە زۆر جار بەحسی ئەوەی دەکەین قورئان هەندەسیەتی هەیە، قورئان مەعانی خاصی خۆی هەیە، وە دەبی ئەمە لەگەر کابرای غەربی کابرای مەسیحی جودابین کە دەچینە خزمەت قورئان، ئەو ئەوها تێبگا ئەمەش ئەوها تێبگەین ئەوە موشکیلەیە، تێگەیشتنی مە دەبی ئیمانی لەگەر مەربوط بی ئیمانمان دەبتە سەبەبی تەنویری ئەو قورئانەی، شەرتیش نییە قورئانەکە فیعلەن بتانین بخینین بە ئەلف و باء و تاء و ثاء، ئەمما ئیمانەکە ئەصلە لەبۆ فەهمی قورئان، ئا ئەوەیە فاصل بەینی مە و بەینی غەربیین، کابرای غەربیش مەثەلەن موستەشریقین جۆن لە.